# سەفەری خود بۆ بەردەم ئاوێنە و پاشگەزبوونەوەی بۆ ئازاری یادەوەریی

## خوێندنەوەیەک بۆ شیعری (پاسە شینەکە)ی "هیوا قادر"

عومەر سەرگەتی

ئەم بۆچوونەی هیوا قادر بە دۆخێکی ئاوێنەیی دا تێدەپەڕێت و دۆخێکی لاکانیە لە ناسینی ئەوی دیدا

لەراستیدا یەکێک لە گرنگترین ئەو هێزە پەنهان و لەبن نەهاتوانەی کە بەشێوەی جۆراوجۆر مرۆڤ دەبەستێت بە ژیانەوە و سەرچاوەی نادیاری خەون و خولیا و ئومێدەکانی ئینسانە، ئەو بۆشایی و کەلێنە نادیارەیە کە هەرگیز ناگیرێت و رامناکرێت و پڕنابێتەوە، ئەو کەلێنە تاریک و نەبینراوە کە بەردەوام و هەمیشەو هەمیشە مرۆڤ دەکات بەدوو لەتەوە، دوولەتی جیاوازو دژبەیەک کە دەشێ ببێتە کانگای خەون و خولیاکانی، هەم سەرچاوەی ئومێد بێت و هەم سەرچاوەی نائومێدیەکانی.

ئەوەش ئەو پنتە گرنگەیە کە لەسەرێکەوە مرۆڤ دەبەستێت بە پاشەڕۆژەوە وەک ڕووبەرێکی نەدۆزرا و وەو سەرزەمینێکی نادیار، لە سەرێکیترەوە بە تراژیدیاو ناکۆکی ئایدیاکان تەواو دەبێت.

زۆربەی بیرمەندو کۆمەڵناس و سایکۆلۆجیستەکان لەدنیای هاوچەرخدا بەشێوازی جیاواز سەرقاڵی ڕاڤەکردنی ئەو بابەتەن و بەو پرسەوە خەریکن، بەلأم لە دنیای ئێمەدا و لەڕۆشنبیری کوردیدا تەنها کتێبێکمان تایبەت بەو بوارە لەبەردەستدایە کە توانیویەتی بەوردی شەرحی فکری ئەو بیرمەندانەی کردبێت و بە قولْی لەو چەمکانە دوابێت، ئەویش کتێبی"سێوی سێهەم"ە لەنوسینی ( بەختیارعەلی).

بەهەرحاڵ ئەوەی مەبەستی ئەم کورتە نوسینەیە چەند سەرنجێکی کورتە سەبارەت بەو سەفەرە ئەفسونگەر و خەیاڵە غەمگینەی (هیوا قادر)ی شاعیرە بەنا و تاریکی و بۆشایدا، سەفەر بەناو ئە و درزە ئەزەلی و قەدەریەی ڕۆحی ئینساندا، کە هەستکردن بەو شەبەقەی ناو مرۆڤ، هەستکردنە بە سەفەرێکی بەردەوامی مرۆڤ بەرەو یەکگرتنەوە و پلەی کەماڵی ئینسانی، هەستکردنە بە سەفەرێکی ڕستەقینە و گەڕان بەدوای ماناکانی نەمریدا، سەفەرێکە جگە لە پرسیار و تێرامان لەسەر پنتێک کە ئاماژەی دەستپێکردنە بەرەو خاڵێک کە دوا ویستگەیە، واتە کۆتایی سەفەرێک کە لەڕاستیدا ماناکانی بەردەوامبوونی تێدا پەنهانە، شتەکانی دیکە لەدەرەوە مانایەکی پەنهان و نادیاریان هەیە.

ئەوەی گرنگە لەسەرەتادا ئاماژەی بۆبکەین، ئەو ونبوونە وجودیە لەنێوان خاڵی دەستپێکردن و کۆتابووندا، ڕاوەستان لە نێوان سەرەتایەکی بێ ئۆقرەو کۆتایەکی نادیاردا، ئەوەی لە و مابەینەدا دیارە سەفەرە بەناو بۆشایدا، بەلأم

بۆشایەک، مانای شینایی زیندووە، سەفەرییێک هێشتا ویستگەکانی خەیاڵ دیارن، کوچەکانی خەیاڵ زیندوون، لێرەدا زمان خۆشی دەبێتە درزی ئەبەدی نێوان بۆشاییەکان و شارە خەیاڵیەکان، ئەوەی بۆشایی سەرەتاو کۆتای سەفەر ئاشکرای دەکات و لە ویستگەکانی خەیاڵدا دەبینرێت، هێزی منالّی و مەستی پیریەکی ئەبەدیە، بەڵام یادەوەریەکی پڕلە ئازارە سەرەتاو کۆتایی سەفەر گریدەدات بەیەکەوە.

گەر لەم دێرە ڕمێنین؛ "تکایە لەوبەر ئاوەکە بیرم بخەرەوە، تالەو جێگایە دابەزم کە بەجێم هێشتیت".

ئەوا گەڕانەوە لە پنتی یەکەمەوە بۆ هەمان پنت و هەمان خالّی دەستپێکردن، هێڵی خەیالّی ئەو دیدە بازنەییە دیاریدەکات کە ژیان و بیرکردنەوە پێویستی پێیەتی. ئەوەی ئەو شێوە تێڕوانینەی شاعیر بۆ ڕابردوو دەگۆڕێت، لە گریانێکی نۆستالیژیەوە بۆ منالّی و دنیایەکی لەدەستچوو، بەرەو تێڕامان لە ئێستاو هەولّی بینین و کرانەوەی دەروازە تاریک و نادیارەکانی پاشەڕۆژ، هەم هەستکردنە بەو بۆشاییە نادیارو شەبەقە قولّەی ناو مرۆڤ و هەم بوونی ئەو ئومێد و هێزە ڕۆحیەیە بۆ عەشق، کە دەنگی ڕاستەقینەی کەلێنەکان و بۆشاییەکانە، هەم هەلّگرتنی کلیلێکە وەک ئەگەری کردنەوەی دەرگاکانی عەشق و دەرگاکانی پاشەڕۆژ، کلیلێک کە دەشێ ئومیدی کردنەوەی دەرگای خەونەکانی لەگەلّ خۆیدا هەلّگرتبێ؛ "سەیری دەستی خۆم ئەکەم کلیلی دەرگایەک لە مشتمایە!"

هەستکردن بەو درزە یاخود ئەو شەبەقەی کە مرۆڤ دەکات بەدوو لەتەوە، کێشەیەکی قولّ لەگەلّ خۆیدا دێنێتە ئاراوە، کە گرفتێکە دەکەوێتە نێوان خودو ئەیدی یەوە، واتە پرسی ئەویدیە، لەڕاستیدا ئەویدی لەڕۆشنبیری کوردیدا نەبووەتە جێگەی پرسیارو تێڕامان، برێکی زۆری ئەو بابەتانەش کە پەیوەستن بەو چەمکەوە بەهەمان شێوە بێ پرسیار ماونەتەوە، هەمیشە لە مێژووی تێکستی کوردیدا ئەویدی بە دوو شێوە دەرکەوتوە، ئەویدی یا مەعشوق بووە و ڕازاندنەوەی وێنەبووە لە نێوا عاشق و مەعشوقدا، یاخود ویناکردنی ئەوانیدی بووە وەک دووژمن، دیدی سیاسی هەمیشە ئەویدی وەک نەیارو داگیرکەر بینیووە، لە هەردوو ئاستەکەدا ئەویدی وەک وێنەیەکی تراژیدی دەرکەوتوە، ئە و یدی یا مەعشوقێکی دلّڕەق و بێ نەزاکەت بووە و بەرپرسیارە لە دلّشکانی عاشقان و کۆی حیکایەتی تراژیدی دلّشکانی لە ئەستۆدایە، بەدیوەکەی تریشدا ئەویدی جەلاد و ستەمکاربووە، ئەم جەنگە تراژیدی و دابڕانکارەی نێوان خود و ئەویدی، بەهەناوی ئینسانی کورددا تاسەر ئێسقان بە دیوە ئازاراویەکەیدا ڕۆشتووە، چەشتنی ئەو ئازارە جۆرە مرۆڤێکی بەرهەمهێناوە کە هەمیشە خود وەک بێ گوناە و قوربانی ببینێت و ئەویدیش وەک جەللاد تەماشا بکات، لێرەوە دەکرێ بلّێین کەپرسیار لەسەر شوناسی ئەویدی نادیاربوو، ئەوا پرسیار لە سەر شوناسی خودیش وندەبێت، خود کە ئەویدی نەناسی بێگومان خۆشی ناناسێت، پێچەوانەکەشی هەرڕاستە.

دیوێکیتری ئەم شیعرە هەمان ئەو ڕاستیە ئاشکرا دەکات، کە خود لەوە کەوت ئەویدی وەک جەللاد و دوژمن تەماشا بکات، لەوەش دەکەوێت هەمیشە ئازار نمایش بکات، بەلّکو دەیەوێت هەم ئەویدی وەک ئینسان ببینێت و هەم ئازارو برینەکانی خودیش وەک ئایدیای بەرجەستەکردی جوانی سارێژبکات، لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە بە دۆخێکی ئاوێنەیدا تێدەپەڕێت، واتە دۆخێکی لاکانیە لە ناسینی ئەویدیدا.

گەر ئەم نموونە وەرگرین؛

"من سواری پاسە شینەکە ئەبم و
تۆ لەوبەری ئاوەکەوە بەجێدێڵم
زوو زوو ئاوڕ لە دواوە ئەدەمەوە
جگە لە وێنەی تۆ لە چاوما
هیچ کەس نابینم"

ئەم تەماشاکردنە دۆخێکی ئاوێنەییە، وێنەی ئەو دەبێتە ئاوێنەیەک کەجیهانە، جیهان جگە لە وێنەی ئەو، وێنەی دیکەی بۆ نمایش ناکات، خود لە ئاو ڕادەمێنێت و وێنەی ئەو دەبینێت، بەڵام مادام ئەو لەوبەری ڕووبارەکە بەجێماوە، بەڵام بەجێمانێکی ئاسایی، ئەی کەواتە سەفەری خود بە ئاودا چ مانایەکی هەیە لەکاتێکدا هەموو تەماشاکردنێک بینینەوەی وێنەی ئەو بێت لە ئاودا، یاخود گەڕانەوە سەفەرێکی ئاسایی بێت بۆ خاڵی یەکەم و لەو پنتەوە کە ئەوی بەجێهێشتووە؟ لەڕاستیدا وادەردەکەویت، چیتر ئاوێنەی بینینەوەی وێنەی خود لەبەردەم وێنەی ئەودا کە بەجێماوە کۆی بینینی خودی داگیرکردووە، کەوتوەتە بەردەم پرسیارێکی چارەنوسسازەوە، لێرەدا خود بۆ وێنەی خۆی دەگەڕێت، تەماشا دەکات و جگە لە وێنەی بەجێماوێک کە وێنەی هەموو جیهانە، شتێکی دیکە نابینێت.

لێرەدا دەکرێ وا تەماشای سەفەرەکە بکەین، کە خود لە ئاودا بۆ وێنەی خۆی دەگەڕێت ئاو ئاوێنەی بینینەوەی وێنەکانە، ئەم سەفەرە تا ئەندازەیەکی زۆر لە ڕێکەوتی تەماشاکردنەکەی (نارسیس) دەچێ لە ئاودا، (نارسیس) تەماشای ئاو دەکات و وێنەکەی خۆی بە ڕوونی دەبینێت، لە بری ئەوەی وێنەی مەعشوقێک وێنەکەی خۆی تەڵخ بکات و نەیبینێت، بۆدڵنیایی باوەشی پیادا دەکات، (نارسیس) ناگەڕێتەوە بۆ ئەوجیگەی لێیەوە هاتووە و دەستی پێکردووە، گرفتەکە لای (نارسیس) گرفتی وێنەو حەقیقەتە، نارسیس وەک پاڵەوانێک لەڕاستی و دروستی خۆی و وێنەکەی یەکلادەبێتەوە، بەڵام گەڕان و سەفەری پاڵەوانی پاسە ئاویەکەی (هیوا قادر) لەگومانێکی قوڵدایە و لەبەردەم ئەگەری هەڵبژاردنێکی چارەنوسسازدایە، یا دەکرێت هەرگیز وادەی دیاریکراوی گەڕانەوەی نەبێت لەبەردەم وێنە تراژیدیەکانی یادەوەریدا و سەفەر لەدوای سەفەر لە جوانیەکانی خود و دەریا و جیهان ڕابمێنێت وەک پەنجەرەیەکی هونەری و ستاتیکی بۆ بینینی دنیا، یاخود وێنەیەکی زاڵی تراژیدی، وێنەیەک بەهەموو لەزەتەوەهمیەکانیەوە کۆی ژیانی کردوەتە ئازارێکی ڕاهاتو بەڕۆح و جەستەی ئینسانی ئەم کلتورە، ئازارێک تا ئەو بوونەوەرە سوتاو و هەڵقرچاوە ونبوەی ناو دەریا بەسەدەف و مرواریەکانی قژیەوە نەکەوێتە بەر مانگەشەو و زمان نەگرێت و حیکایەتی ئەو نیهانگایە بەیان نەکات، هەمیشە برینێک بەئازارەکانیەوە لە هەموو چرکەساتەکاندا ئامادە دەبێت و وێنەکانی جیهان دەشێوێنێ و نەخشەیەکمان پێ دروووست ناکات بۆ پاشەڕۆژ، لەکۆتایدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە لەزۆر شوێندا پێویستبوو ئاماژە بە چەند سەرچاوەیەک بکەم و نمونەیان وەرگرم و پاشان ئەم تێکستە کۆمەڵێک لایەنی دیکەی هەبوو باس بکرێت، بەڵام ئەمە کورتە خوێندنەوەیەکی ئەم شیعرەیە و هیوادارم تەنها وەک کۆمەڵە سەرنجێکی خێرا ڕەچاوبکرێت.